# دیالۆگی مەنامە و باسەکانی ئاسایشی جیهان؛ لە چەکەوە بۆ وزە

17-11-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** رۆژانی 18 بۆ 20ی تشرینی دووەم 2022 دیالۆگی مەنامە لە بەحرەین بەڕێوەدەچێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەوانەیە ئەمساڵ فۆکووسی دیالۆگەکە زیاتر بچێتە سەر ئاسایشی وزە، لەکاتێکدا دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی IISS، کە ساڵانە دیالۆگەکە بەڕێوەدەبات زیاتر کار لەسەر بواری ئاسایشی و سەربازی دەکەن.

## بەرایی

ڕۆژانی 18 بۆ 20ی تشرینی دووەم 2022 دیالۆگی مەنامە لە بەحرەین بەڕێوەدەچێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەوانەیە ئەمساڵ فۆکووسی دیالۆگەکە زیاتر بچێتە سەر ئاسایشی وزە، لەکاتێکدا دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی IISS، کە ساڵانە دیالۆگەکە بەڕێوەدەبات زیاتر کار لەسەر بواری ئاسایشی و سەربازی دەکەن.

ناونیشانی 18مین خولی دیالۆگی مەنامە "یاسا و پێشبڕکێکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست"ە، بەڵام بەپێی ڕاگەیاندراوی ڕێکخەرەکانی، ئەم خوولەی ئێستا بە گوتاری ئورسولا ڤۆندەرلاین، سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەوروپا دەستپێدەکات و هەموو چاوەکانیش لەسەر ئەوە، چونکە تاوەکو دێت لە مانگە ساردەکانی ساڵ نزیکتر دەبینەوە و، پرسی ئاسایشی وزە و دابینکردنی بۆ وڵاتانی یەکێتییەکە لە ئەولەویەتیانە، ئەمە سەرەڕای ئاڵینگارییەکانی وەک بەردەوامی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا، ئاسایشی خۆراک و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کە ئێستا تەوەری سەرەکی دیدار و کۆڕبەند و کۆبوونەوەکانن.

لێرەدا، بەپێچەوانەی خولەکانی پێشوو، ئەمجارە پرسی ئاسایشی وزە و ڕۆڵی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتیش وڵاتانی کەنداو لە دووبارە دابینکردن یان بەشداربوون لە زنجیرەی دابینکردنی ئاسایشی وزەی یەکێتی ئەورووپا پرسێکی جیدییە. هەرچەندە لەماوەکانی ڕابردوودا سعودیە و ئیمارات بەپێچەوانەی ئەو خواستەوە جوڵانەوە. ئێستا ئەورووپا چاوی لەسەر هەموو بژاردەکان لە دەرەوەی ڕووسیا کە بتوانی ئاسایشی وزەکەی بۆ زستانی ئەمساڵ و ساڵانی داهاتوو دابین بکات لەکاتێکدا ئەورووپا هێشتا نەیتوانیوە بڕی پێداویستی خۆی لە دەرەوەی ڕووسیا دابینبکات، هەرچەندە بەهاکەی زیاتریش بێت.

لەماوەی 10 مانگی ئەمساڵدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە بازاڕی وزە، بەتایبەتیش ئەورووپا کەمبوونەوەی هاوردەکردنی گازە لە ڕووسیا، و دوو هێندەبوونی هاوردەکردنی گازی شلی ئەمریکا، کە ئەمەش بەمانای ئەو نەخشە نوێیەی وزە دێت کە چاوەڕواندەکرێت لەم یەک بۆ دوو ساڵی داهاتوودا وێنای خۆی بکات، سەرەڕای یەکلابوونەوە یان نەبوونەوەی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا.

بەردەوامی سزاکان بۆ سەر ڕووسیا و سپی بوونی زیاتری جیهان وایکرد، لە ڕۆژانی ڕابردوودا، کاتێک 27ـەمین لووتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی گۆڕانی کەشوهەوا لە شەرم شێخ بەڕێوەبچێت، لەجیاتی نیت زیرۆ و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، باسەکان زیاترلەسەر چۆنیەتی دابینکردنی ئاسایشی وزە بۆ جیهان بێت، بەتایبەتیش بۆ ئەورووپا.

ئێستا پرسی ئاسایشی وزە تەنیا پەیوەست نییە بە زامنبوونی خواست و خستنەڕوو یاخود هاوسەنگی نرخەکان لە بازاڕی وزەدا، بەڵکوو پێویستی بە ئاسایشی زنجیرەی دابینکردن، وەبەرهێنان لە جۆرەکانی وزە ( وزە باوەکان و وزە نوێبووەکان)، دابینکردنی ئاسایشی گواستنەوەی وزە، بنیاتنانی هێڵی نوێ، داڕشتنەوەی بەرژەوەندییەکان و درووستبوونی هاوپەیمانی نوێ لەنێوان بەرهەمهێنەر و بەکاربەر بۆ دەیان ساڵی دیکەدایە، هەربۆیەش لەم ڕاپۆرتەدا فۆکووسی زیاتر دەخەینە سەر هۆکارەکانی تێکچوونی بازاڕ و ئاسایشی وزە لە جیهاندا.

**هۆکارەکانی تێکچوونی بازاڕی وزە و پێشخستنی ئاسایشی وزە**

بازاڕی وزەی جیهان، بەتایبەتیش بازاڕی نەوت ئێستا بەدەست کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکییەوە دەناڵێنێت، لە سەروو هەموویانەوە کارەساتی سرووشتی، ڕووداوە تەکنیکییەکان، تەنگژەی جیۆ-سیاسی، و پاشەکشەی ئابووری جیهان، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە چاوەڕواندەکرێت نەوت وەک یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی خواستی وزەی جیهانی بۆ ساڵانی داهاتووش بمێنێتەوە، بەتایبەتیش بەهۆی کەرتی گواستنەوە. ئالێرەوەیە وڵاتانی نیو ڕێکخراوی ئۆپێک هەوڵەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و داواکردن لە وەبەرهێنان لەم پیشەسازییەدا بەرزدەکەنەوە، بەپێچەوانەوە وڵاتان و دامەزراوەکانی هاوپەیمانی ئاژانسی وزەی جیهان داوای دوورکەوتنەوە لە وزە باوەکان و وەبەرهێنان لە وزە نوێبووەکان دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە، لەڕووی مێژوویەوە بازاڕەکانی گازی سرووشتی دابەشبوون بۆ بازاڕە هەرێمییەکان، واتە سەرچاوەکانی دابینکردن لەنێوخۆی ناوچە وهەرێمەکاندا لەڕێگەی بۆرییەوە بە بەکاربەرەوە بەستراببوونەوە، گازی شلکراوە LPG وەک بژاردەیەک بۆ کاتی پێویست دەبینرا، بەڵام وادیارە وێنەکە تەواو پێچەوانەوە بووەتەوە، بەشێوەیەک چیدی بازاڕەکانی گازی سرووشتی لەنێوان دراوسێ و هەرێمەکان نامێنێت، بەڵکوو بازاڕێکی تەواو جیاواز و جیهانی دێتە ئاراوە، وەکوو ئەوەی ئێستا ڕوودەدات و دەبینین.

لیرەدا و بەکورتی ئاماژە بەسێ هۆکاری بنەڕەتی لە هۆکارەکانی تێکچوونی بازاڕی وزە و پێشخستنی ئاسایشی وزە دەکەینەوە، تیشک دەخەینەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەم هۆیەوە دێتە ئاراوە لە بازاڕی وزەدا.

## 1. دابینکردنی پێویستی ئێستا نەوەکو داهاتوو

ڕۆژانی ڕابردوو، 27ـەمین لووتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی گۆڕانی کەشوهەوا لە شەرم شێخ  بە بەشداریی سەرۆکی وڵاتان، پسپۆڕان و بڕیاربەدەستان بەڕێوەچوو، کە تەنیا ماوەی 12 مانگ بەسەر  26ـەمین لووتکەدا تێنەپەڕیوە کەوا باسەکان لە گواستنەوە بۆ وزەیـەکی خـاوێن و چۆنیـەتی ڕێگریکـردن لـە گۆڕانکارییەکـانی کەشـوهەوا و دابینکردنـی سـەرچاوەی داراییـ بـۆ وڵاتـانی هـەژار بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، بۆ باس لەسەر چۆنیەتی دابینکردنی ئاسایشی وزەی جیهان و کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت و گاز و گـۆڕینی هێلەکـانی گواسـتنەوەی وزە لەنێوان بەرهەمهێنەر و بەکاربەری وزەدا گـۆڕا. ئـالێرەوە بـەڕوونی دەردەکەوێت کـەوا ئێسـتا گەرمکردنەوە و ڕەقنەبوونەوەی خەڵکی لەم زستانەدا زۆر گرنگترە بۆ وڵاتانی بەکارهێنەری وزە، بەتایبەتیش ئەورووپا، لە ڕێگریکردن لە ڕوودانی کارەسات بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە ساڵانی داهاتوودا،  چونکە دابینکردن و  پڕکردنەوەی پێداویستی ئێستا زۆر گرنگترە لە سبەی!

هەروەها، لە 2020وە زۆربەی کۆمپانیاکان ئاسۆی خۆیان بۆ کەمکردنەوەی وەبەرهێنان لە وزە باوەکان و هەنگاوەکانی وەبەرهێنان لە وزە نوێبووەکان دەخستەڕوو، بەڵام ئێستا وەک بەڕێوەبەری گشتی بی پی دەڵێت " پێویستە داڕێژەرانی سیاسەت فۆکووس بخەنە سەر پەرەپێدانی پلانەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی وزە و توانای دابینکردن، هەروەها کەمکردنەوەی دەرپەڕاندنی گازە زیانبەخشەکان"، کە ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە لە گۆڕینی سیاسەتی وزەدا نەوەکو تەنیا بۆ حکومەتەکان، بەڵکوو بۆ کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە. هەروەها، قازانجی ئەمساڵی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بەشێوەیەکە کەوا بە تەنیا حەوت گەورە کۆمپانیاکەی جیهان  لەماوەی نۆ مانگی ڕابردوودا بەهۆی بەرزی نرخەکانەوە قازانجیان گەیشتووەتە سەروو 173 ملیار دۆلار، کە بەتەنیا ئێکسۆن مۆبیل 70 ملیار، بی پی 20 ملیار و شێڵ و تۆتاڵ 59 ملیار دۆلار بووە.

لەڕاستیدا، 31.4% پێداویستی یان خواستی ئەورووپا بۆ گازی سرووشتی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و خۆگەرمکردنەوە و 24% بۆ ماڵان، 22.6% بۆ پیشەسازی، 10.6% خزمەتگوزاری و 11.4 بۆ بەکارهێنانی دیکەیە، ئەمەش بەڕوونی دەریدەخات نزیکەی 50% یان نیوەی زیاتری پەیوەستە بە مرۆڤەوە و ناتوانرێت دوابخرێت یاخود دابینکردنەکەی گەرەنتی نەکرێت.

## 2. وەبەرهێنان لە کەرتی وزە (نەوت و گاز و وزە نوێبووەکان)

ڕۆژانی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت بۆ ژێر سفر بڕیاربەدەستانی کۆمپانیا گەورەکانی وەک ئێکسۆن مۆبیل، بی پی، شێڤرۆن، تۆتاڵ و تەنانەت کۆمپانیا نیشتمانییەکانی وەک ئارامکۆ و کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی دوبەی، کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی چین و... تاد، خەرجییەکان و وەبەرهێنانیان لە کەرتی وزە باوەکان کەمکردەوە، چونکە ئەو ڕۆژانە جگە لە دابەزینی نرخەکان تەوژمی کارەکان بەرەو نیت زیرۆ و پاراستنی هەسارەکەمان و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی نەوت و گاز، وەبەرهێنان لە وزە نوێ بووەکان بوو، هەر ئەوەش وایکرد کۆمپانیاکان خەرجییەکانیان بگۆڕن وەبەرهێنان لە وزە نوێبووەکان بکەن، کە بە گوتەی بەڕێوەبەری گشتی ئارامکۆ "لەماوەی نێوان 2014 بۆ 2021 وەبەرهێنان لە نەوت و گاز بەڕێژەی نیوە کەمیکردووە، ئەوەشی لەساڵی ڕابردووە زیادیکردووە زۆر کەمە و زۆر درەنگە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن."

هەربۆیەش هەندێک لە شارەزایان، قەیرانی وزەی ئێستا چەندەی بە جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا دەبەستنەوە، ئەوەندەش بە دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان لەم سێکتەرەدا دەیبەستنەوە. لەم مانگەدا ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە "ئاسۆی وزەی جیهان 2022"ی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەکردووە " زیادبوونێکی زۆر لە وەبەرهێنانی وزە گرنگە بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی بەرزی نرخ و ناجێگیری لە داهاتوودا، هەروەها بۆ پابەندبوون بە نیت زیرۆ تاوەکو 2050". بەهەمان شێوەش ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت ئۆپێکیش "ئاسۆی نەوتی جیهان 2040" بڵاوکردەوە، داوای لە وەبەرهێنەران کرد کەوا 12.1 تریلۆن دۆلار بۆ وەبەرهێنان لە نەوت بکەن بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزەی جیهان و پڕکردنەوەی خواست لەماوەی دوو دەیەی داهاتوودا بەپێی ئەو پێشبینەی بۆ خواستی سوتەمەنی تاوەکو ناوەڕاستی ئەم سەدەیە هەیە، کە ئەمەش 300 ملیار دۆلاری لە ساڵی ڕابردوو زیاترە ".

## 3. خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندییەکان لەڕووی دابینکردنی ئاسایشی وزەوە

داڕشتنەوەی پەیوەندییەکان لەڕووی وزەوە بەشێوەیەکە کەوا دەتوانین بڵێین ئەورووپا بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزەکەی ڕوو لە ئەمریکا و پشت لە ڕووسیا دەکات. ماوەی ساڵانێکی زۆرە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا سەرچاوەیەکی وزەی هەرزان و بەردەوام بەکاردەهێنن،

هەربۆیەش لەماوەکانی رابردوودا رووسیا هێڵیکی نوێ بەهەمان ناوی هێڵی پێشووی نۆرد ستریم راکیشا، کە تەنیا کردنەوەی قوفڵەکەی مابوو، بەڵام هێرشی رووسیا بۆ سەر ئۆکراینا هەموو خەرجییەکانی بیر کۆمپانیا رووسیەکە (کە هێ دەوڵەتە) بردەوە و بگرە ئێستا باس لە گرتنەوەی قوفڵەکانی بۆرییە کۆنەکە و رێگەکانی دیکەی هەناردەکردنی گازی سرووشتی دەکات.

بەپێی داتاکانی بی پی نزیکەی 65% وزەی ئەورووپا لە نەوت و گازەوە دێت، کە پێش جەنگی ئۆکراینا و رووسیا بەنزیکەیی 40% لە لایەن رووسیاوە دابیندەکرا، بەڵام ئێستا پشت بەستن بەرووسیا کەمبووەتەوە بەشێوەیەک لە مانگی ئۆکتۆبەری 2022دا تەنیا 17.2%ی لەرووسیاوە دابینکراوە.

رۆژی 3ی تشرینی 2022، لیژنەی هاوبەشی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا بۆ ئاسایشی وزە رایگەیاند کەوا بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنی ئاداری ئەمساڵ لەنێوان جو بایدن و ئورسولا ڤۆندەرلاین کۆبوونەتەوە، کە ئامانج لەرێککەوتنەکە یارمەتیدانی یەکێتی ئەورووپایە لە فرەچەشنکردنی سەرچاوەی دابینکردنی گازی سرووشتی، و بەپێی رێککەوتنەکە ئەمریکا بڕی 15 ملیار مەتر سێجا گازی شلی زیاتر لە 2022دا بە بەراورد بە 2021 هەناردەی ئەورووپا دەکات، بەڵام لە ئەمساڵدا و تەنیا لەماوەی نێوان کانوونی دووەمی 2022 بۆ تشرینی یەکەمی 2022 ئەمریکا بڕی 48 ملیار مەتر سێجا گازی شلی هەناردەی ئەورووپا کردووە وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە.

واتە بڕی 26 ملیار مەتر سێجا زیاتر بووە لە تەواوی ساڵی 2021، کەبەپێی لیژنەی هاوبەشی نێوان هەردوولاش چاوەڕواندەکرێت لە 2023دا بڕی زیادەی هەناردەکراو بە بەراورد بە 2021 بگاتە سەروو 50 ملیار مەتر سێجا گازی شلکراو. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە لیژنەی هاوبەشی هەردوو باسیان لەوەکردووە کە چۆن هێزی سەربازی بەشداریی پێ بکەن لە دەستبەرکردنی ئاسایشی زنجیرەی دابینکردن و پڕ کردنەوەی ئەمبارەکان لە 2023دا بەشێوەیەک کە نرخەکان رەنگدانەوەی بنچینەی ئابووری و پاڵنانی هاوبەشی هەردوولا بۆ سەقامگیری بازاڕی وزە بێت.

هەروەها، چاوەڕواندەکرێت هەناردەی گازی شلکراوەی ئەمریکا لە 2023دا بگاتە سەروو 70 ملیار مەتر سێجا، کە 50 ملیار مەتر سێجا زیاترە لەو بڕەی لە 2021دا ئەورووپا هاوردەی کردووە کە تەنیا 22.34 ملیار مەتر سێجا بووە.

**گرافیک 1: هەناردەی گازی شلکراوی ئەمریکا بۆ ئەورووپا لە هەشت مانگی یەکەمی 2021 و 2022دا**




**کۆتایی**

جەنگی رووسیا و ئۆکراینا ئاماژەیەکی روونی بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەر لەهەموو رووەکانەوە خستەڕوو، بەتایبەتیش لەرووی وزەوە دەریش کەوت کەوا تاکە زامنی سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستی پێویستە لەنێوخۆوە بێت. پشت بەستن بە سەرچاوەی دەرەکی تووشی رەوشێکت دەکات کە پێشبینی ناکرێت، بەڵام لێرەدا پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئایا دوورکەوتنەوە لە رووسیا و رووکردنە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چ وانەیەکمان پێدەڵێت لە زامنکردنی ئاسایشی وزە، بازاڕی وزە و دارشتنەوەی پەیوەندییەکان، چونکە بەنیسبەت ئەورووپاوە تەنیا رێڕەوەی گواستنەوە دەگۆڕێت نەوەکو سەرچاوەی دابینکردن، وەکو ئەوەی ئێستا دەبینرێت.

هەروەها، دەرکەوت تاکە سەرچاوەی دابینکردنی ئاسایشی پێداویستی نێوخۆ ئەوا بەرهەمهێنانە لەنیوخۆ نەوەکو پشت بەستن بەسەرچاوەی دەرەکی، بەڵام لەوانەیە ئەمە تەنیا لەرووی جۆری هاوپەیمان و هەبوونی پەیوەندییەکانەوە راست بێت، چونکە تێکچوونی پەیوەندییەکانی رووسیا و یەکێتی ئەورووپا بەهۆی جەنگەوە وایکرد ئەورووپا پشت لە رووسیا و روو لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بکات. لەکۆتاییدا، دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی بواری وزە و ئاسایشی وزە تەنیا پەیوەست نییە بە وڵاتانی بەکاربەر و بەرهەمهێنەر، بەڵکوو

کۆمپانیا گەورەکان و بازرگانەکان و تۆڕە جیاوازەکانی بەرژەوەندی  ڕۆڵیان خۆیان تێدا دەبینین، وەکو چۆن 7 خوشکەکەی بواری وزە (ئیکسۆن، شیڤرۆن، شێڵ، بی پی، تیکسکو، گوڵف و موبیل) نزیکەی یەک سەدە ڕۆڵی خۆیان لە دارشتنی سیاسەتی وزە لەڕووی مافی گەڕان، بەرهەمهێنان، هەناردەکردن و تەنانەت بەکارهێنانیشەوە گرتە دەست، بۆیە لەوانەیە کاراکتەرە کۆنەکانی وەک ئەم حەوت خووشکە بەهۆی هەبوونی دارایی، تەکنەلۆژیا و توانای مرۆییەوە، بەڵام بە نیشتمانی کردنی کۆمپانیا نەوتییەکان لە نیوەی ئەم سەدەیەوە دەرفەتی دەرکەوتنی حەوت خوشکی نوێ ڕەخساند کە کۆنترۆڵی یەک لەسەر سێ یەدەگ و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە جیهان کردووە وەک کۆمپانیا نیشتمانییەکانی (ئارامکۆ، گازپرۆم، کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چین، کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی ئێران، پیترۆلۆس فەنزویلا، پیتروبارس براِزیلی و پیترۆناسی مالیزی). هەربۆیەش باسەکانی گوڕانکارییەکانی پشت دارشتنەوەی نەخشەی وزە لە جیهان ئاسان نابێت، چونکە کاراکتەری نوێ و بەرژەوەندی نوێ دەرکەوتووە کە دەیانەوێت ڕۆڵ و دەستکەوتیان لە دووبارە وێناکردنەوەی نەخشەی وزەی جیهان چ وزە باوەکان یان وزە نوێبووەکان بێت.